
# مێلۆدییەکانی (گۆڕ غەریب)
# لە نیشتیمانی دۆزەخدا




**هەژار مەعروف (دەوەن)**

دەق بەرپرسیارە لە پێکهاتەکانی (زمان، مۆڕاڵ، ئێستاتیکا) کە دەکرێ بە دەیان میتۆدی سۆسۆلۆژی و ئەدەبی و هونەری بهێنینە ناو دیالۆژە تایبەتییەکانییەوە، کە لە ئاست بەرپرسیارێتیی دەق و ئێستاتیکای خۆیدا هەمیشە دەگەڕێ بە شوێن ماناکانی جەوهەری زمانی داهێناندا، دەق بۆ خۆی هەڵگری کۆمەڵێ مانای جەوهەری و ئێستاتیکای فەنتازیای دەق خۆیەتی، وەک چۆن زمان یەکەیەکی کولتووریی هاوبەشە، بەوجۆرەش دەق رۆحیانەتێکی زیندووە لە سیاقی مێژووی زمان و دەقدا. وشەکانی (گۆڕ، غەریب) وشەیەکن وەک (دۆزەخ و بەهەشت)، بەڵام لە جەوهەردا هەڵگری تەفسیری جیاواز و مانای جودان لە دێباتە ئەدەبی و زانستی و هونەرییەکاندا، کە نابێت بە سانایی بەسەریدا بگوزەرێین و خۆمانی لێ قوتار بکەین، رەنگە بۆ هەموو دەقەکانی دونیا خۆمان بۆ تەفسیری جیاواز مەڵاس بدەین، وەلێ کاتێ دەق خۆی دەبێتە داهێنانی زمان و فەنتازیا و ئێستاتیکا، ئەوجا بە ناچاری پەلکێشمان دەکاتە ناوەخنی قسەوباسی ئەدەبی لە رووی مەعریفە و زانینی پەسەندەوە، بۆ دێباتکردن و سازدانی قسەی جدی لە گشت ژانرە ئەدەبییەکانی دونیای

نووسین و داهێناندا، نووسین بۆ خۆی ئاوێنەیەکی دیاری خوێنەری جیدی و نووسەری رۆشنبیره له هەموو تێکستەکاندا، وەک چۆن خوێنەرێک بەرپرسیاره بۆ خۆ رۆشنبیرکردن، نووسەریش دەگەڕێ بە شوێن مانای تازه و فیکری تازه بۆ هێنانه خەملاندنی دەقی تازه، کەوابێ بۆ نووسین بە تەنیا لایەک خاوەن پرسیار و خاوەن دەق نییه، بەڵکو دێڕ بە دێڕ و وشه بە وشه هەر هەموومان بەرپرسیارین له ئاست هێنانه دروستکردنی دەقی ئێستاتیکیانه، هەر ئەم سلوک و مۆڕاڵەیه که ناکرێ لێی بێدەنگ بین و وەک بێگانه تەماشای بکەین. گەر توانیمان و ئەمەمان کرد ئەوا بێگانەبوون دەکەوێته دەرەوەی دەقه جیدییەکانی دونیای ئێمەبوونەوه، هەر هەمان پرسیار و وردبوونەوەیه که ئاڵوگۆڕ بە جوانییەکانی دەق دەکات له ناوەوەی دەق و بازنه فەنتازییەکانی دەرەوەی دەق، لێرەدا گێڕانەوەی دەق خودی نووسەر و خوێنەر له ئامێزی یەک پرسیاردا دێنێته ئاخافتن و گێڕانەوەی مانا و ناوەرۆکی ئێستاتیکای رووداوەکانی دەقەوه، ئەم وردبوونەوەیه له نێوانی من و تۆدا جوداییەک قبووڵ دەکات، ئەویش قسەوباسی لۆژیکیانه بە زمانی قبووڵکردن بۆ یەکتری له گێڕانەوەی مۆڕاڵی بەرپرسیارێتی له زمان و ئێستاتیکا و داهێنانی ئەدەبیانه. ئەم تێگەیشتنه بۆ نووسین حاڵیبوونه له خودی زمانی جودا و مۆڕاڵی ئاوێتەبوون، له بەرامبەر هۆشداریمان بۆ داهێنانی دەق و مۆڕاڵی یەکدی، جوانییەک دەخوڵقێنێ که ماناکان هیچ کێشەیەکی ئێستاتیکی و مۆڕاڵی دروست ناکات، بە مەرجێک هەموومان خاوەن بڕیاری رۆشنبیری بین بۆ هێنانەکایەی خوێنەری دروست و نووسەری دروست. (رۆلان بارت) دروست تێماندەگەێنێ که دەبێژێ: (رەخنه زمان دەخاته بەردەستی ئاخاوتنی دەگمەنەوه، که خوێندنەوه دەخوڵقێنێ و ئاخاوتنێک له نێوان ئاخاوتنەکانی دیکه بە زمانی فەنتازیا دەبەخشێ که بەرهەم پێکدێنێ.) ئیرادەی نووسەر و خوێنەر وابەستەیه بە داهێنانی تازەوه، گەر له نێوان ئەم دوو کائینەدا ئیشکالاتێک دروست بوو دەرحەق بە مانەوه له نێوان تێکسته کاڵەکاندا، ئەوا خۆمان دەخەینه بەردەمی لێسانەوەی دێڕه کاڵەکانەوه، که دەتوانین بڵێین ئەم کایه و گەمەیه جگه له گەڕانەوه بۆ دواتر هیچ مانایەکی تر نابەخشێ و ئەودەم مۆڕاڵ دەکەوێته ناو بازنەی گێڕانەوه دەمییەکان (شەفەیی) که ناتوانرێت ئێستاتیکا و زمان بەرهەمبێنێ و له پشتەوەڕا هێرمۆنتیکا تێکەڵ بە میتۆده نادروستەکان دەکات و کارەساتێک دەخوڵقێنێ ئەویش تۆرانی رۆشنبیر و خوێنەره له دەقه زیندووەکان، ئارایشتکردنی دەق بەرپرسیاره له جوانکردنی زمان و گێڕانەوەی ئێستاتیکییانەی هەستیاریی دەق که دەکرێ وەک نەخشەداڕێژی ئێستایکییانه حیسابی بۆ بکەین. گەر نووسەر له دەقدا نەیتوانی هەستیاریی زمان و ئارایشتکردنی گێڕانەوه لەناو جوانکارییەکانی هێرمۆنتیکا جێکاتەوه، ئەوجا قسەی ناوێ ئەو دەقه پێی ناوترێ دەقی ئێستاتیکایی، خەسڵەتی نووسینی جواننासی پرژینه بۆ دزەنەکردنی موهاتەرات و دوورکەتنەوه له کاڵبوونەوه، بە بڕوای من خاڵی هەره گرنگ ئاوێتەبوونی مۆڕالی زمانه بە دەقی زمان، هەستیار و گێڕانەوەی زیندووی ڕووداوەکان له محتەوەیاتی نووسەر بۆ خوێنەر، که رەنگه ئەم شێوازی نووسین و گێڕانەوەیه بە تەنیا لەلای چەند قەڵەمێک ئامادەگیی هەبێت وەک (بەختیار عەلی، رێبوار سیوەیلی، ئازاد حەمه، جەمال غەمبار، کاروان کاکەسوور، رەووف حەسەن، شێرزاد حەسەن، عەبدولقادر سەعید) ئەم خەسڵەتی عەقڵانه جیاکاریی زمان و مۆڕاڵ چێدەکەن له مرۆری نووسیندا. ئەز دەخوازم قسه لەسەر یەکێک له کتێبه زمان جوانەکانی دونیای ئەمرۆ بکەم ئەویش کتێبەکەی نووسەر و شاعیر و رووناکبیر (عەبدولقادر سەعید)ه له ژێر ناوی (گۆڕ غەریب).
خەسڵەتی ئەم کتێبه بۆ من بابەتەکانی ناویەتی که بەگێڕانەوەی رۆمانئامێز و زمانی رۆمان نووسیوەیەتی، واته له هەموو لەحزەکانی ناو گێڕانەوەی رووداوەکاندا هەستیاریی زمان و بازنەکانی فەنتازیا و واقیع دێر بە دێڕ بوونی هەیه و لەگەڵ خۆیدا دەمانباته ناودۆزەخی نیشتمانەوه، ئەم کتێبه له کائینێکی کڕ و دەست بە ئەژنۆوه دەمانخاته ناوبازنەی رووداو و گێڕانەوەی زمانی دروست که له هەموو لەحزەیەکدا نیشتیمان دەنێتەناو مشتمانەوه و پێمان دەبێژێ هاوڕێیان ئەمەیه دۆزەخی نیشتمان، پێموایه (رێبوار سێوەیلی)یه که هەندێ نووسینی خاوەن قەڵەماکانی تر بە تایبەتی ئەوانەی که یاداشتەکانیان نووسیوەتەوه و ناویان ناوه

کتێب، بەڵام ئەم ناولێنانە دوورە لە زمانی چیرۆک و ڕۆمانەوە، هەر ئەم کێشەیەیە کە وا دەکات نووسەر و رووناکبیر ڕێبوار سیوەیلی دەخاتە گومانەوە و ناوی دەنێ کتێبی گریان، وەلێ کتێبی (گۆڕ غەریب) لە یەکەمین رستەوە تا دواهەمین دەمانخاتە ناو پرسیاری کۆچ و بێزاربوون لە تاراوگەبوونەوە، یان پشتکردنە لە حەوشەی سیاسیی کورد لە زەمەنی ئێستادا، کە بۆ خۆی ئەم پشتکردنە جیاخوازی لە نێوان جوانکار و قەڵەمە کاڵەکاندا دەخوڵقێنێ، پێمان دەبێژێ شوکرانەی خودای تەبارەک و تەعالا بکەن، چونکە نیشتمانی ئێمە خاڵییە لە پاکژی و تژییە لە حیکمەتخانەی دەسەڵات، کەوابێ ئەمە ئەو جیاوازیی راسیۆناڵە عەجولەیە کە دەخوازێت تاکەکانی کۆمەڵگە لە بوونی خودی خۆیان لە بەرامبەر ئازادیدا هوشدارییان هەبێت و کامڵانە مامەڵە لەگەڵ دونیای ئێستادا بکەن. یان ئەم کائینە حەماسی دروستکردنی شۆڕشێکی ڕۆشنایی بە هۆشماندا دەهێنێت و داوا دەکات لە تاکەکانی کۆمەڵگە ئەم پەککەوتوویی عەقڵە توڕدەن و جیهانێکی دی دوور لە شەڕ بخوڵقێنین. پۆپەر وتەنی: (زەرووڕەتی ئێمە لەوەدایە کە هەرهەمووومان بەکارهێنانی توندوتیژی لە بەرامبەر یەکتریدا رەت بکەینەوە) لێرەیە گۆڕ غەریب لە لاپەڕە (104)دا بە دەنگی بەرز بانگمان دەکات و دەبێژێ: (من بۆ ژیان هاتم بە دەستی خۆم خەریکە بە شوێن مردنی خۆمدا دەگەڕێم، سۆراخی مەرگی خۆم دەکەم. لۆژ لۆژ بە شەقامی غەریبیدا شۆڕدەبمەوە، هەست بە بێمانایی ژیان دەکەم، هەست دەکەم بە شوێن هیچدا دەگەڕێم، بەلای کەمەوە براکەم بۆیە مەرگی هەڵبژارد تاکو لەنێو هەموو مانا هیچەکاندا مانایەک بدا بە ژیان کە خەڵکی بەو مانایەوە بیناسنەوە.) نووسەر دەخوازێت مردن لەلای هەموومان جوان بکات، وەک یۆستاین گاردەر دەڵێ: (گەر مردن نەهێنینە بەرچاومان، ئەوا ناتوانین هەست بە ژیانمان بکەین.) نووسەر ناسنامەی ژیان دەگۆڕێتەوە بۆ مردن، لە هەموو عەردەکانی دونیادا بەتەنیا مردن دەکاتە ناسنامە نەک ژیان، نووسەر گشت جوگرافییەکان بە هەموو کولتووڕە جیاوازەکانەوە هەڵدەتەکێنێت و لەوێدا مۆڕاڵ و دەق ئاوێتەی یەکتری دەکات لە بەرامبەر ئێستاتیکای دەق و هێرمۆنتیکای گێرانەوەی دەق، یۆستاین گاردەر و عەبدولقادر سەعید هەردووکیان خوێنەرو کۆمەڵگە دەخەنە بەر پرسیارێتیی قوربانیی مردن و تەمەڵیی ژیان. هەردووکیان پێمان دەڵێن گەر ژیان بێمانا بوو، ئیدی پێویست بە گەڕان ناکات بە دوای خودا و ئازادیدا، لەوان جوانتر و قەشەگتر مردنە مردن. سەرلەبەری دەقی (گۆڕ غەریب) گێڕانەوەی جەنگە نەگریسەکانی ئەم دونیا جەنجاڵەیە کە زۆرجار مەحکوممان دەکات بە خوێندنەوەی ئەو جەنگانەی کە ناونرا شەڕی براکان، دیسانەوە لە لاپەڕە (17)دا. گۆڕ غەریب کۆدەکانی جەنگ دەشکێنێت و بیرمان دێنێتەوە و ئێژێت: (شەڕ هونەرێکی رموزن بوو، هەندێ هونەرمەندی ترسنۆک جەنگاوەرەکانیان هاندەدا چەقۆ بکەن بە سکی مناڵەکانیاندا، تفەنگ بنێن بەناوچەوانی ژنەکانیانەوە و فێری سروود خوێندیان دەکردن، چۆن ژێرکراسی دایکی یەکتر هەڵبەنەوە، چۆن پرچی خوشکی یەکتر ببڕن، چۆن وابکەن هونەری شەڕکردنی گا هارەکان و شەڕکردنی مرۆڤەکان لەیەک بچن؟! لاپەڕە17). وای چەند تاڵە ئەم حەقیقەتە شەڕ بە تەنیا نەبوو، ژن، مناڵ، گەنج، رۆژنامەبازەکان، جەلادەکان، فێڵبازەکان، مەدەنیەت، دیمۆکراسی، دین و هەرهەموویان تیایدا بەشدار بوون. لەلای (گۆڕ غەریب) چرکەساتەکانی جەنگ و شەڕ بریتییە لە کۆمەڵێک سروتی مرۆڤکوشتن کە لەوپەڕی دەسەڵاتەوە تاکو گەدایەک بۆ یەکدیان دەچڕییەوە.(دێن و بە چەپک گۆرانیی نوێ و شیعری نوێی بەرگریمان بۆ دەخوێننەوە، ئەو گۆرانیانەمان بۆ دەڵێن کە هەوەس بزوێنن، ئەو شیعرانەمان بۆ دەخوێننەوە کە دەمانکات بە پاڵەوان. لاپەڕە 48) لێرەوە دەق بەرپرسیارێتیی خۆی و مۆڕاڵ دەئاخنێتە ناو سیاقی مێژووی گێڕانەوەوە، بە جۆرێک دەستی خوێنەر دەگرێت و لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ لای زمانی دایکی، لەوێ لە بەریەککەوتنیاندا بیریان دێنێتەوە و پێیان دەڵێ کوڕەکانم لێرە تەنیا تۆران و سەرهەڵگرتن عیلاجی دەردی دڵی مرۆڤە ناخجوانەکان دەکات و نیشتمان دەکەن بە یادەوەریی شەوانی غوربەتیانەوە. (دایکم وتی؛ کوڕم لە خۆت بپرسە مەولانە بۆ سەری هەڵگرت و ئیدی بیری لە گەڕانەوە نەکردەوە، نالی بۆچی شیعرەکانی کۆکردەوە و کەشکۆڵەکەی دا بە شانیدا و گۆڕ غەریب بوو؟! لاپەڕە 48) ئەم پرسیارەی دایک لە هەست و

فرمێسک و حەسرەتەوە تاکو قەڵەم دەمانسووتێنی و ناخمان پڕ دەکات لە عەزاب و مەراق، لێرەدا نووسەر (عەبدولقادر سەعید) سیناریۆیەک دەخوڵقێنێ و کارەکتەرێکی جدی دێنێتە قسەکردن کە لەگەڵ خوێنەر و دەق و گێڕانەوەی رووداوەکانی ناوەوەی دەقدا مێژوو وەک حیکایەتخوانێک دەگێڕێتەوە، ئەم ئاڵوگۆڕە لە رووی نووسینەوە جوانکارییەکی بێ وێنەیە و دەکرێ وەک دەقی کراوە تەماشای بکەین، چونکە لە سەرەتادا ئێمە کەوتوینەتە دووی ئەو رووداوانەی کە نووسەر دەیانگێڕێتەوە، بەڵام لێرەدا کارەکتەر دروست دەکات و بەشێک لە رووداوەکان دەگێڕێتەوە، واتە ئاوێتەکردنی زمانی رۆمانئامێز بە سیناریۆ، ئەمە بۆ خۆی کارێکی دەگمەنە لە بونیادی نووسیندا، کە ئەگەر سەلیقەیەکی زەنگین و رۆشنبیرییەکی پاکژ و سەردەمیانەی لە پشتەوە نەبێت هەرگیز دروست نابێت، نووسەر دێت و بە هەموو قودرەتی ئەخلاقییەوە کۆدە ژەنگەکانی مێژووی خواجە نەزانەکان دەشکێنێت و لەجێی ئەودا فەنتازیا ئاوێتەی هێرمۆنتیکا دەکات و عاریفانە لەزەتی گێڕانەوەی مێژووی ژیانی غوربەت ئاوێتەی گۆرانییەکانی مێژووی نیشتمان دەکات. نووسەر بە چرینی لاوک و حەیرانەوە بە سەدای هاڕمۆنی دەنگهەڵدەبڕێت و ئێژێت: هەموو رۆژێک لەوێندەرێ لەپاڵ ناسنامەی نیشتماندا بۆنی تاوان و گۆناه لە خۆڕا تک تک دەڕژێتە ناو جەستەی ماندوومانەوە بۆ لەتوپەتکردنی شوناسی ئێمە. نووسەر بۆ هەمیشە لە چاوەڕوانیدایە بە شوێن حەقیقەتەکاندا، هەروەک سامۆییل بێکیت دەبێژێ: (ئەوە حەقیقەتە مرۆڤ هەمیشە لە حاڵەتی چاوەڕوانیدایە) چاوەڕوانیی نووسەریش لە گشت کات و زەمەنەکاندا چاوەڕوانییە لە بەرامبەر هێنانەدیی دونیای ئازادی و حەقیقەت بە گشت مانا و پێکهاتەکانییەوە، لە پێناو جوانکردنی ئینسانەکانی کۆمەڵگە بە دیدی مرۆڤدۆستانە. حیکمەتی کاری نووسین لەوەدا بەدەردەکەوێت کە نووسەر لەناو خودی دەقدا شەڕ لەگەڵ پێکهاتەکانی دەقدا دروست بکات و وەزیفەی بێت خوێنەر پەلکێشبکاتە ناوەخنی شەڕ و پێکدانەکانی ناوەوەی گێڕانەوەکان. ئالان رۆب گرێ وتەنی؛ (شەڕ لەناو دەقدا، واتە شەڕی دەق لەگەڵ خودی دەق خۆیدا) دەتوانین بڵێین ئەم شەڕ دروستکردنە لە زووربەی هەرە زۆری رۆمانەکانی دونیادا بوونی هەیە و وەک جوانترین حاڵەتەکانی نووسین تەماشا دەکرێت، لێرەدا ئەز دەخوازم یەکێک لە حاڵەتە دەگمەنەکانی (گۆڕ غەریب) بخەمەڕوو کە شەڕێکە لە بەرامبەر فەلسەفەدا دروستی دەکات و پرسیاری ئەوەمان لێدەکات (حیکمەتی جوانیی ژیان لەکوێدایە؟) ئەم پرسیارە هەڵگری دونیاییەک تەفسیری فرە جودا لەگەڵ خۆیدا دێنێتە قسان و ناچارمان دەکات بچینەوە بەناو گشت ئەو میتۆدانەی کە بوونەتە هۆی جوانکردنی ژیانی مرۆڤەکان، ئەی چی وادەکات ژیانی مرۆڤەکان بێ ئومێد و نائاسوودە بێت لە ژیاندا؟ کاتێک مرۆڤ توشی ئەو حاڵەتە دەروونییە دەبێت کە ژیان مانای نییە و چیدی شتێک نییە پێی بووترێ ئاسودەیی، ئیدی ئەوجا تەمێکی رەش سەراپا هەست و هۆشمان داگیر دەکات و ژیانمان لێ دەبێتە دۆزەخ نەک فیردەوس، لە خۆڕا نییە (گۆڕ غەریب) تووشی ئەم تەمە غەریبیە دەبێت و پرسیار و باسی جوانیی ژیانمان لێدەکات و ئێژێت: (ئەسینا شیعرێکە بە مانای وشە تۆی رێبوار و غەریبە دەتوانیت شەقام بە شەقام باخچە بە باخچە بیخوێنیتەوە، دەتوانی بۆنی گوڵە (ئەسخیلۆس)ییەکان بکەیت، دەتوانی بە دارعیرفانی (ئەفلاتون)دا سەرکەویت، سەیری جوانییەکانی (ئەنتی گۆنا) بکەیت، لە تەنیشت پەیکەری (سوکرات) راوەستاویت و وێنە بگریت، دەتوانی یادگارەکانت ببەیتە سەرکێوی (ئەکرۆپۆلی) لاسایی قوتابییەکانی ئەفلاتون بکەیتەوە. گوێ لە هاژەی برینەکانی رۆح بگریت، ئێمە وامان کرد تابزانین فەلسەفە چییە؟ حیکمەتی جوانیی ژیان لە کوێدایە، لە چییدایە؟ لاپەڕە96) ئەم پێناسەیەی نووسەر دێڕێکی ئایریس مێردۆک دێنێتەوە یادم؛ (ئەدیب بە ئەنقەست فەزایەک بۆ گەمەی خوێنەر بەجێدێڵێت، وەلێ فەیلەسوف نابێ هیچ فەزایەک جێبێڵێت.) گەمەی ئەدیب نەشئە بە زمان و جوانیی دەق دەبەخشێت لە رووی هێڵی پارادایم و خوڵقاندنی ئێستاتیکای رووداوەکانی سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی و بەستنەوەیان بە کەسەکانی ناو دەق خۆی و باسە مێژووی و واقیعیەکانی ناوەوەی نووسینە ئەدەبییەکان. رۆلان بارت وتەنی: (نووسینی ئەدەبی لە ناوەوەی خۆیدا هەم هەڵگری لەخۆبێگانەبوونی مێژووە و هەم هەڵگری روانینی مێژووە.) نووسەری گۆڕ

غەریب بە تەنیا خاوەن قەڵەم نییە، بەڵکو فۆتۆگرافێکی سەرکەوتووە لە وێنەگرتنی شاری ئەسیناو شەقامەکانی، ئەوەتا بە چاوی کامێراوە گشت شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی شاری ئاتێن دەگرێت و باخچەو گوڵەکانی شانۆی شار، مرۆڤە خاوەن ئیدراکەکانی وەک (ئەفلاتون، ئەسخیلۆس، سوکرات، ئەنتی گۆنا)و هەموو موزیکژەنەکان دەگرێت و لە چاوی قەڵەمەوە نیشانمان دەدات. ئەمە وامان لێدەکات کە بڵێین (عەبدولقادر سەعید) فۆتۆگرافەرێکی لێزان و بەسەلیقەیە لە چاوی مێژووەوە، نووسەر دەخوازێت پێمان بڵێت: ئێمە خاوەنی هیچ نین جگە لە مێژوویەکی شێواو و هەڵبەستراو، کە ناتوانین بە سانایی خۆمان بکەین بە خاوەنی. شەڕی دەق ئەمەیە نووسەر لەوێوە لە شارە دەوڵەتی ئەسیناوە بە شیعر و قەڵەم و مێژوو و حیکایەتەکان وەک خۆی دەنووسێتەوە و شانازی بەو هەموو جوانییە دەکات کە مرۆڤەکانی پێش سێ هەزار ساڵ خولْقاندوویانە بۆ نەوەکانی داهاتوویان، نووسەر راستگۆیانە پشوومان دەداتێ و دەیەوێت لەگەڵ ئەم هەموو مێژووەدا بۆ کەمەکێ هەر هەموومان گوێ لە گۆرانیی دۆلفینەکان رادێرین، تاکو فێربین سروشت و باڵدارەکانمان خۆشبووێت و موزیک ئیلهامبەخشی ژیانمان بێت، سروشت ئەو ئاسمانەیە کە دەنگەخۆشەکان لەخۆ دەگرێت، چرینی هەموو گۆرانییەک گرێدراوە بە دەنگخۆشییەوە، ئەو ساتانەی کە گوێبیستی دەنگخۆشێک دەبین ئیدی هەست و رۆحمان ئاوێتەی سەدای دەنگ و جوانیی ریتم و بەرزو نزمیی ئاوازەکانی مرۆڤ و سروشت دەبێت، دێنیس دیدرۆ وتەنی: (موزیک لاساییکردنەوەی سروشتە.) ئەوە ئەرکی نووسەری خاوەن ئەزموون و زەنگینە کە دەتوانێ موزیک و ژینمان لەلا جوان بکات و رۆحمان تێکەڵ بە جلیوەی ئەستێرەکان بکات، لەپێناو جوانکردنی ژیان بۆ داهاتووی نەوەکانی ئایندەی دوور، لە دەستەکانی شەڕ و جەنگە دۆڕاوەکانی وەتەن. هەموو پێناسەیەکی دروست مانای جدی و راڤەی عەقڵانی دروست دەکات، هەرچەندە گەر پێناسەیەک لەگەڵ جوڵەی ناوەوەی دەقدا ریتمی گوێگرتن نەخولْقێنێ، ئەوا مەحاڵە دێڕەکان بە سانایی مانای تەواومان بدەنێ و جوانییەک لە ئێستاتیکای دەقدا دروست بکات، وەلێ کاتێ دەقی (گۆڕ غەریب) دەخوێنینەوە، لەگەڵ گشت رووداوەکاندا هەست بە ئامادەگیی خۆمان دەکەین لەگەڵ جوڵانەوەی دەق و بازنە فەنتازییەکانی ناوەوەی دەق، ئەم شێوازی نووسینە گەڕانە بە شوێن وەڵامەکانی خود و خستنەڕووی ئیحتیمالەکانی ناوەوەی دەق. میلان کۆندێرا وتەنی: (رۆمان وەڵامی پرسیارەکان ناداتەوە، بەڵکو ئیحتیمالەکان دەخاتەڕوو.) لەبەر هەندێ زمانی رۆمان تەواو زمانێکە جودا لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی تر لە رووی گێڕانەوەی واقیع بۆ گواستنەوەی دەق. میلان کۆندیرا دیسانەوە دەبێژێ: (رۆمان ئاوێنەیەکە بۆ مێژووی ئینسان.) هەروەک لە سەرەتادا روونمکردەوە (گۆڕ غەریب) دەقێکی رۆمانئامێزە و ئاوێنەی مێژووە بۆ تاکەکانی ناو دەقەکە، نووسەر عاقڵانە گوێ لە ریتمی دێڕەکانی ناوەوەی دەق دەگرێ، بە جۆرێک لەگەڵ خوێندنەوەی لاپەڕە 96دا ئەم دروستییە لە رووی نووسینەوە هەست پێدەکەین، یان بە دیوێکی تردا هەموومان گوێمان لە دەنگی پێی پیاوە رەبەنەکانە، گوێمان لە وشەی عاشقان و ماچی ژووان دەبێت لە ژێر قوبە ئاڵتوونییەکانی (دۆم)دا. ئەم گێڕانەوەیە هێند غەمبار و عەزابنۆشە خوێنەری زیتەڵ هەست بە بوونی ریتمی دەنگی دێڕەکانی دەکات. (کڵێسای (Doom) مەڵبەندی پیاوە رەبەنەکان، مەڵبەندی ژنە تەنیاکانە، لەوێ لەژێر قوبە ئاڵتونییەکانی دۆمدا عەشق دروست دەبێتەوە، ژیان سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوە. دۆم کڵاوی قوتی سەرەبزێوەکەی شاری (کۆڵن)ە، کە هەمیشە زۆران لەگەڵ جوانیدا دەگرێ، تا گرەوی شاجوانەکانی دنیا بباتەوە. دۆم میتۆلۆژیای هەموو نوشەستییەکانی مرۆڤە لە هەر کوێیەک هاوارێ لە زۆردارێک کرابێ هانایەک بۆ گوڵەگەنمێک برابێت، لەوێ لەسەر یەکێ لە قوبە لە تەم غەرقبووەکاندا داستانەکەی نووسراوەتەوە. هەر پەیکەرە چیرۆکێکی راستەقینەی ئازارێکە و لە دووریی هەزاران میلەوە گەیشتۆتە خەیاڵی داهێنەرێک. لاپەڕە 113) لێرەدایە نووسەر وەک دەقیکێ شانۆیی خۆی نمایش دەکات و لەگەڵ هەموو جوڵانەوەیەکدا دیمەنێکی تازەمان نیشان دەدات بە موزیکە کلاسیکییەکانی بێتهۆڤن و لیسزت و مۆزارت دەمانخاتە ناو دەنگی ئۆپێراکانی غوربەتەوە، کە مرۆڤ ناتوانێ بەبێ گوێگرتن لەو دەنگانە خۆی لەبەر ئەو هەموو

رووداوانەدا بگرێ، لە هەمان کاتدا دەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە (گۆڕ غەریب) دەقێکی فرە لایەن و خاوەن ریتمی دێڕەکانی خۆیەتی لە گشت حاڵەتەکانی ناوەوەی دەقدا، واتە ئەم دەقە خاڵییە لە دەقە (سۆزداری و ئەڤینداری)یەکان، بە دیوێکی تردا لە دوای خۆی فەزایەک جێدێڵێت بۆ گەمەی خوێنەرە جدییەکانی دونیای ئەدەب و ئایدیۆلۆژیای خودی ئەدەب خۆی. لە بەریەککەوتنی ئەم تابلۆیانەدا ناکرێ خوێنەری جدی کڕ و بێدەنگ بێت لە ئاستیاندا. نووسەری (گۆڕ غەریب) قەڵەمێکی (بە بەینەت)ە لە ئاست حیکایەت و تەکنیکی گێڕانەوەی زمانی دەق، کە بە جۆرێک هەموو زەروورەتە میزاجییەکان تووڕ دەدات لەپێناو بەخشینی دەقێکی (شیکپۆش)، بە دیدێک کە ڕەواجیان هەبێت بۆ قسەکردن و ڕاڤەکردنی لۆژیکیانە. توبیاس وۆڵف وتەنی: (نووسەر بۆ ئەنجامدانی کارێکی دژوار دەبێ لە دەروونی خۆیدا بە دوای ئیرادەی خۆیدا بگەڕێ.) نووسەری (گۆڕ غەریب) ئیرادەو تەکنیکێکی گێڕانەوەی فرەجوانی هێناوەتە بەردیدەمان، دەکرێ بڵێین نەک هەر گێڕانەوەی دروستی خەملاندووە، بەڵکو زمان و ئێستاتیکایەکی جدیی هێناوەتە بەرهەم، کە هەموو چیرۆکەکان دەنک دەنک بوونەتە ملوانکەی سەرکێلی گۆڕ غەریب و لە ملی هەر یەکێکماندا بوونی هەیە، بەڵام چیدەکەیت کاتێ بینینی خوار و دڵی پڕ لە قین ئەم هەموو جوانییە نابینێت و خۆی لە بەرامبەر داهێنانی (گۆڕ غەریب)دا دەبێتە تەماشاچییەکی رق سۆز و لاسار، ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە لە مێژە داهێنەران و ڕۆشنبیرانی کورد گیرۆدەی بوون و زووربەی جارەکان نووسەرانی جدیی ئێمە کەوتوونەتە بەر تانە و تەشەری کاڵفامیی هەندێک لە بوختانچییەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی کورد. ئەمە ئەو جەنگە پڕ مانا و هزرەیە کە خەمی زۆربەی هەرە زۆری ڕووناکبیرانی دونیا و ڕۆشنبیرانی خۆشمانی خستۆتە بەردەم لێپرسراوێتیی خودو ئازادییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەیان، بە جۆرێک هەمیشە دەگەڕێن بە شوێن جوانکردنی ژیان لە پێناو خۆشبەختی بۆ نەوەکانی دوای خۆیان و دونیا عیرفانییەکەی ئینساندۆستی. هەر ئەم مانا ئینسانیبوونەیە کە ڕووناکبیرێک دەخاتە بەردەم گەڕانەوەی شەقامە خوێناوییەکانی زەمەنی کوێربوونەوەی وەتەن و مێژووی فیتنەچییەکانی دالانەکانی شەڕ، لێرەوەیە غوربەت دەبێتە ئاوێنەیەکی تەڵخ و تۆنێکی نەشاز لە دیدو خەیاڵی گۆڕ غەریبدا دەڕوێنێت و نیشتمانی لێدەکات بە مشتێ گێلاسی سوور و لەزەت دەبەخشێت بە هەنگاوەکانی گەڕانەوەی بۆ خاکی نەشئە پەرستانی وەتەن. (بۆ یەکەمجار تەپوتۆزی غەریبیم لە خۆم تەکاند، بڕیارم دا ئەوکاتەی بیرم لە هەموو جوانییە شاراوە و ئاشکراکان دەکردەوە. بە خەیاڵ گوند بە گوند ئەگەڕام، بیرەوەرییە جێماوەکانم کۆئەکردەوە، هەر بە خەیاڵ سڵاوم لەو ماڵانە ئەکرد کە ژەمەنانی مناڵەکانیان ئەبەخشی بە من تەنها لەبەر ئەوەی دڵی پەژمودەم نەڕەنجێ. بەو شەقامانەدا ڕەت ئەبووم کە شوێن پەنجەی خوێناویم لەسەر یەک بە یەکیان بەجێمابوو. لاپەڕە 145) پێشتر گوتم قەڵەمی دەقی (گۆڕ غەریب) بە بەینەتە، فیعلەن خاوەنی قەڵمی گۆڕ غەریب بە ئەمەک و بە وەفایە لە بەرامبەر خودی نیشتمان و بست بە بستی جوگرافیاکەیدا، ئەوەتا لە غوربەتەوە تۆزی نامۆبوون دەتەکێنێت و خۆی و جەستەی بە بەشێک لە خاک لە وەتەن لە مێژوو نیشاندەدات، مەخلوقەکەی بە فریشتەکانی ئاسمان دەشوبهێنێ و بۆ هەمیشە لەگەڵیان دەژی و ڕێگە بە خۆی و قەڵەم و یادەوەرییەکانی نادات زاکیرەی خیانەتی لێبکەن و نیشتمانی پێ بگۆڕنەوە بە ئەسفەلەسافلین! ناخوازێت وەک بێتهۆڤن قەدەر لە دەرگای ماڵەکانیان بدات و ژیانیان بگۆڕێتەوە بە (هادیس) شوێنی مردووانی ئەفسانەکانی گریک، بەپێچەوانەوە گەرەکیەتی بنووسێت و بێژێت وەتەن: (ئەو عەشقەیە شاعیرانە ئازادی دەدوێنێ، هونەرمەندانە لە تابلۆی یەکسانی ورد دەبێتەوە و عاشقانە گوێ لە مۆسیقای جوانییەکان دەگرێ.) گۆڕ غەریب و خامەکەی (عەبدولقادر سەعید) مێفێستۆیانە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، جارێک میوانی ئەشکمانە و جارێک لە خوانی موزیکدۆستاندا سروودی گەڕانەوە بۆ وەتەن دەچڕن، و ناخوازن لە هیچ عەردێک ئێمە و ئێوە گۆڕ غەریب بین، گەرەکیانە گشتمان پێکەوە لە کۆتەڵی حەشر و نەشری نیشتماندا گۆرانی بچڕین سەما بکەین. ئەو مرۆڤانەی بە دوای خۆشبەختیدا دەگەڕێن، پێکەنین چاوەڕوانیانە. ئەو زاتانەی بە دوای گریاندا دەگەڕێن فرمێسک چارەنوسووسیانە!